# "پاساو لە خەتا خراپتر" * (١)

هەژێن
٣٠ی ئۆگوستی ٢٠١٧ **

لەوە دەچێت من یەکێك بم لەو کەم کەسە بەختیارانەی، کە تاکو ئێستا هەرچییەکم پێشبینیکردووە، ئاوا دەرچووە و پێش مردنم ئاواتەکانم یەک لە دوای یەک بەدیهاتوون؛ هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ لە باکووری لەندەن، خاوەنخانووە کورد-زمانەکەمان، کە هەشت مانگ لەوەوپێش هاتبوو بۆ ناسینم و سەلماندنی کۆن-ئەنارکیستبوونی خۆی*** هات و لەتاو دڵخۆشی خۆی بە دەرکەوتنی (نەوشیروان موستەفا) شاگەشکە بووبوو و لەتاو دڵخۆشبوونی تریقەی سمێڵی دەمات و مژدەی دەرچوونی (نەوشیروان موستەفا)ی بە من دەدا.

ئەم ڕۆژانە بۆ من ڕۆژانێکن، کە دەمەیەکە من چاوەڕوانی بەرەوپێش هاتنیان دەکەم: ڕۆژانی سەلماندنی سیناریۆبوونی "تۆران و جیابوونەوەی نەوشیروان و پۆشینی پۆشاکی گۆڕانخوازیی" و نەبوونی جیاوازی نێوان سەرانی گردە دزراوەکە و سەرانی شاخ و دەشتە داگیرکراوەکانی دیکە و دەرکەوتنی "قوونی ڕەش و سپی" ڕامیاران چ دەسەڵاتدار و چ ئۆپۆزسیۆن؛ چ ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانی و چ ئۆپۆزسیۆنی ناپارلەمانی.

بە بۆچوونی من، ئاساییترین شت چاوەڕوانی خەڵکی نەدار و بێدەسەڵاتی ناڕازییە لە هەر کەسێك خۆی بە گۆڕانخواز و داخوازی گۆڕان بکات، کە بە ڕادەی کەم، وەك دەسەڵاتداران و سەرمایەداران چەپاوڵگەر و پاوانگەر و ملهوڕ نەبێت ****. هەر ئاوا هاوکات ئاساییترین سەرەنجامی چاوەڕوانیکردنی فریادرەسیش هەر نائومێدییە، ئەوە بڕیارێکی حەزۆکییانەی من یان کەسانی دیکە نییە، بەڵکو سەلمێندراوی ئەزموونگەرییەکانی مێژووە و ئەگەر سەرنجی ڕەوتی ڕوداوەکانی عیراق بەگشتی ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە و هەرێمی "کوردستان" ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە بدەین، زۆر بەخێرایی چەندین بارەبوونەوەی دژەخوونیی بەڵێندەران و نائومێدی ناڕازییانی خۆشباوەڕ و چاوەڕوانی فریادڕەس بەدیدەکەین، ئەوەش بەرەنجام و سەرەنجامی هەموو هەوڵێکی ڕامیارییە چ ڕێکخراو و چ ناڕێکخراو، چونکە سروشتی ڕامیاریی و ئامانجی ڕامیاری هەر ئەوەیە؛ ڕامکردنی خەڵک بۆ سەروەرییە دەسەڵاتخوازان و مشەخۆریخوازان

بەداخەوە، بە درێژایی ساڵی ڕابوردوو زۆرێك لە گۆڕانخوازانی تووڕە و خۆشباوەڕ ئاوا لە بۆچوون و ڕەخنەی من و کەسانی دیکە وەك من تێگەیشتن، کە ئێمە وەك کینەدۆزییەکی کەسیی دژی کۆچکردوو (نەوشیروان موستەفا) خەریکی نوسین و ڕۆشنگەرین، بەداخەوە تاکو ئەم ساتە ژاراویبوونی مۆشی خەڵکی نەدار و بێدەسەڵات لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و هەرێمی "کوردستان" و خۆرهەڵاتی ناوین بەتایبەتی بە ئایدیۆلۆجیا بە ئاستێك گەیشتووە و ئاوا مۆشی خەڵکی شۆردرووەتەوە، کە خەڵکی ناڕازی نازانێت دوێنێ چی خواردووە و لە کوێ خەوتووە. ئەگینا هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان دەزانن کە ناوبراو (نەوشیروان موستەفا) ساڵی ١٩٦٣-١٩٩٨ کەسی یەکەم و ئەندازیاری جەنگی نێوخۆی (جەلالی و مەلایی|سۆرانی دژی بادینی) و هەر ئاواش دژی لایەنەکانی دیکە بزووتنەوەی چەکداری ئەو هەرێمە لەوانە لێدان و سڕینەوەی ئیسلامییەکانی ١٩٨٢ لە حاجی مامەند، لێدان و کۆمەڵکوژکردنی چەکداران و ئەندامانی (حشع) لە قرناقا و پشتئاشان، لێدانی چەکدارانی (حسکع) ١٩٨٤ دەشتی هەولێر و دواتریش جەنگی نێوخۆی ١٩٩٤-١٩٩٨ بووە. بێجگە لەوەش ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٦ کەسی دووەمی نێو (ینک) و فەرماندارێی ناوچەی جەلالی بووە و هەموو پرۆژەکانی بەپارتییکردنی|بەحزبیکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و سامانە سرووشتییەکان و داگیرکردنی گرد و شاخ و دەشتەکان و ئاودیوکردنی کەرەستە و ئامێرەکان و چەپاوڵکردنی پشکی ناوچەی فەرمانداریی جەلالی لە کۆمەکی ڕێکخراوە جیهانییەکان و بەرنامەی نەوت لە بەرانبەر خواردن و دواتریش ١٧% پشکی هەرێمی "کوردستان" لەژێر دەستی ئەو و ئاگاداریی ئەو ڕویانداوە و ئەنجامدراون. تیرۆر و کوشتنی سەدان ژن و عەلی بۆسکانی، سۆرانی (حشع) و بەکر عەلی، حەمە حەلاق و هاوڕێکانی و پێنج ئەندامی (حککع) لەبەرچاوی ئەو ڕویانداوە و هیچ هەڵوێستێکی نەبووە، تەقەکردن لە خۆنیشاندانی ساڵیادی ١٦ی ئازاری ٢٠٠٦ و کوشتنی لاوێکی هەڵەبجەیی بەناوی (کاردۆ) و هەڵمەتی ڕفاندنی شەوانەی خۆنیشاندەران و ئەشکەنجەی چەند هەفتەیی و چەند مانگی خەڵکی ناڕازی و بڕیاری دەسەڵاتدارانی فەرمانداریی جەلالی بۆ لەسێدارەدانی سیازدە (١٣) کەس لە دەستگیراوکراوانی ئەو خۆنیشاندانە بە ئامادەیی و بەبەرچاوی ئەو ڕویاندا، هیتلەر و ستالین و خومەینی و ..تد لەنێو گۆڕەکەیان هاتنەدەنگ و هەڵوێستیان هەبوو، بەڵام نەوشیروان موستەفا فزەینەکرد!

پاش ئەوەی کە ناوبراو بە تۆرانێکی سیناریۆیانە بە ڕواڵەت لەنێو (ینک) دەرچوو و هەر ئەو کات هەواڵی بەخشینی کۆمەڵێك ئۆتۆمبێل و چەکی هەمەجۆر بە ئەو لەلایەن جەلال تاڵەبانی، بووە مۆی ناڕەزایەتی و جیابوونەوەی کۆمەڵێك لە کۆنە (کۆڕەک)ییەکان و دژایەتیکردنی نەوشیروان. بەڵام بەگشتی شتەکان ژێرەکی بوون و زانیارییەکانی چۆنیەتی کردنەوەی کۆمپانیای (وشە) و سەرچاوەی خەرجی ڕاگەیاندن و گوزەرانی چەکداران نهێنی بوون، تاکو ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٨ نەوشیروان موستەفا لەسەر سایتی (سبەی) بە سەردێڕی (ڕونکردنەوەیەك لەنەوشیروان مستەفاوە)

ڕۆشنکردنەوەیەکی نووسی و لەوێدا کورد واتەنی "دەستی خۆی بڕی" و ئەوەی ئێمە پێشتر تەنیا بەگوێرەی شارەزایی و ئەزموونی خۆمان لەنێو (کۆڕەك) و دەرەوەی کۆڕەك لەبارەی سیناریۆبوونی دەرچوونەکەی ئەو دەمانگوت، ناوبراو بەخۆی بە چەند دەستەواژەیەك وەك وەڵامدانەوەی (مەلا بەختیار) و (ئەرسەلان باییز) سەلماندی، کە پێشبینییەکەی ئێمە [کەسانێك کە ئاوامان دەبینی] دروست دەرچوو و سیناریۆیە.

لێرەدا وەك بە بیرهێناوەیەك چەند دانە لەو دەستەواژانەی کە ڕێکەوتنی (٢٤ی جونی ٢٠٠٨) لەبارەیان شیکاریمکرد، کۆپیدەکەمەوە و ئینجا بۆ (رونکردنەوەیەک لە لایەن نما و چیا نەوشیروان مستەفاوە) شیکاریدەکەم، کە لەوە دەچێت نووسەری ڕۆشنکردنەوەکەی ئەوانیش ئەوە هەمان ئەو ڕاوێژکارەیە کە ڕێکەوتنی ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٨ کە (رونکردنەوەیەک لەنەوشیروان مستەفاوە) بۆ نەوشیروان موستەفا نووسیبێت، چونکە هەم جۆری داڕشتن و ڕێکخستنی ڕێزمانی و ڕێنووس و مێناڵێتی و لۆجیک-ئەندێشی (هەر دوو ڕۆشنکردنەوەکە) هەر وەك یەکە. هەڵبەتە وەك ساڵی ٢٠٠٨ هێندە کاتم زۆر نییە، کە لایەنی ڕێزمان و ڕێنووسی ڕۆشنکردنەوەکەی ئەوان شیکاریبکەم، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ بە پرسیارکردن شیکارییەکەی خۆم دەستپێدەکەم.

<u>دەستەواژە و وەڵام و پاگەندەکانی نەوشیروان موستەفا ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٨</u>

- بەشدارێکی سەرەکی بوم لەرابردوی یەکێتی و لەدروستکردنی ئێستای یەکێتی دا، بەهەمو لایەنەسەلبی و ئیجابیەکانیەوە، من هەروەکو شەریکم لەهەڵگرتنی ئۆباڵی مێژویی هەمو سەرکەوتن و دەسکەوت و شکستەکانی یەکێتیدا، هەروەها شەریکم لەهەمو سەروەت و سامان و دارایی یەکێتی دا، کەس بۆی نیەمنەت بەسەر مندا بکات.
- هاوکاری مام جەلال بۆ ئێمە(١٠) دەملیۆن دۆلار و بینایەکی حکومەت و گردێکی موڵکی کۆمپانیای نۆکان بوەئەوەش یەکەم هاوکاری و دوا هاوکاری مام جەلال بوەبۆ ئێمەو هەمو ئەوانەش بەناوی کۆمپانیای وشەوەتۆمار کراون کەشەخسیەتێکی مەعنەوی و قانونیە.
- سێ یەم: لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمپانیای وشەوە تا ئێستا زیاتر لە 10 جار و لە موناسەبەتی ئاشکرادا بە سوپاسەوە ئیشارەتم داوە بەو هاوکاریەی مام جەلال کردوینی،
- بۆیەبەهەقی خۆمانی ئەزانین چۆن دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبەکان بەپارەی حکومەت و لەدارایی گشتی و لەسەر بودجەی میللەت ئەژین، یان بودجەی ئەوانیش ببڕن و بۆ ژیانی دەزگاکانیان با پشت بەخۆیان ببەستن بۆ ئەوەی ئێمەش هەمان ڕێگەبگرین، یان ئەبێ حکومەت لەدارایی گشتی بودجەی ئێمەش دابین بکات، ئەگینا ((بانێك و دو هەوا)) قبوڵ ناکرێ.

ئینجا وەرن با پێکەوە، بەراوردی هەر دوو ڕۆشنکردنەوەکان بدەین و کۆدە شارداوەکانی پشتیەوەیان بدۆزینەوە: کۆدە شاردراوەکانی نێو ئەو سێ پەرەگرافەی سەرەوە بریتن لەم سێ خاڵە:
- (نەوشیروان موستەفا) داوای بەشەتاڵانی و دزییەکانی (ینک) دەکات و ڕەخنەی لە دزی و تاڵانی و گەندەڵی و پارتییکردنی دارایی و سامانی کۆمەڵ نییە، کە (ینک) و (پدک) ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٦ ئەنجامیانداوە.
- جەلال تاڵەبانی بەخۆی دە (١٠) ملیۆن دۆلار و تەلارێکی فەرمانداریی و گردێك کە کۆمپانیای نۆکان'ی (ینک) داگیریکردووە، بە نەوشیروان موستەفا دەبەخشێت، تاکو بچێتە دەرەوەی (ینک) و دژایەتی (ینک) بکات و (ینک) ڕیفۆرمبکات. بەواتایەکی دیکە دەسەڵاتدار (جەلال تاڵەبانی) بە پارە و دارایی خۆی دژی خۆی دەوەستێتەوە.
- نەوشیروان موستەفا هیچ گرفتێکی لەتەک تاڵانبردنی سامانی کۆمەڵ بۆ دەزگە پارتییەکان|حزبییەکان و بە پارتییکردنی شاخ و گرد و دەشتەکان نییە و خوازیاری بەهرەمەندبوونی کۆمپانییەکەی خۆیەتی وەك کۆمپانییەکانی (نۆکان) و (کۆڕەك).

ئایا ئەوانە تۆمەتی هەڵبەستراوی دوژمنان و ڕەخنەگرانی نەوشیروان (موستەفا)ن یان درکاندنی ناچارییانەی نەوشیروان موستەفا لەژێر فشاری ڕەخنە و سەرنجی کەسانی دژە-دەسەڵات و دژە-گەندەڵی و دژەچەپاوڵ و دژە-پاوانگەری و دادپەروەریخواز؟

<u>دەستەواژە و وەڵام و پاگەندەکانی کوڕەکانی نەوشیروان موستەفا ڕێکەوتی ٢٩ی ئۆگستی ٢٠١٧</u>

" رونکردنەوەیەک لە لایەن نما و چیا نەوشیروان مستەفاوە

ئەمڕۆ ٢٠١٧/٨/٢٩ هەواڵێکی ناڕاست لەڕۆژنامەی ئاوێنە بڵاوبۆتەوە، گوایە لە مانگی ڕابردودا مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر ئێمە تاپۆکراوە و هەندێ کەسیش بەبێ زانینی باکگراوندی یاسایی و ئیداری بابەتەکە بە نائاگاییەوە تەرویجیان بۆ ئەم هەواڵە ناڕاستە کردوە. "

باشە با ئاوای وەربگرین، کە مەواڵەکە ناڕاستە، ئەی لە بەرانبەر وەڵام و ڕاگەیاندنی (بێستوون فایەق | ئەندامپارلەمانی گردە دزراوەکە) چی دەڵێن

بێستون فایەق پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت: "....، ئەسڵ وایە گردەکەو هەموو مومتەلەکاتەکانی تری گۆڕان بەرەسمی بکرێن بەناو بزووتنەوەی گۆڕانەوە نەك کورەکانی کاك نەوشیروان."

"....، بەڵام گردی زەرگەتە گردی پێنج سەد هەزار دەنگدەری گۆڕانەو جێ ئومێدو ماڵی هەزاران نان بڕاو سزادراوی سیاسییە."

"نەك کورەکانی کاك نەوشیرانو ئەگەر جڤاتی نیشتمانیو خانەی ڕاپەراندنو هەڵسوڕاوانی گۆڕان خاوەنداریەتی گردی زەرگەتەو مومتەلەکاتەکانی تری گۆڕان یەکلانەکەنەوە ئەوا ئەو زانیاریانەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی ئاوێنە ئایندەی گۆڕان دەخاتە مەترسییەوە." (شارپرێس)

ئایا نما و چیا و ڕاوێژکارەکانیان و پاساودەرانی دابەشکردنی گردە دزراوەکە [گردی زەرگەتە]***** لە بەرانبەر ئەو قسانەی (بێستوون فایەق) چی دەڵێن، کە پێشتر یان هاوکاتی بڵاوبوونەوەی مەواڵی بەشکردنی ئەو بەشە تالانییانە گوتوونی؛ بەشەتالانییەك کە (جەلال تاڵەبانی) بە باوکی (نما) و (چیا)ی بەخشی، تاکو دژی خودی (جەلال تاڵەبانی) بەکاریبەرێت؛ هۆکاری خەم و تەنگەتاوی و دڵەڕاوکێی (بێستوون فایەق) و هەوڵەکانی لەپێناو چین، ئەگەر دابەشکردن و تاپۆکردن ڕوینەداوە و ئەو هەژمار و دراوانە درۆ و بوختانی (ڕۆژنامەی ئاوێنە)ن؟

" یەکەم: گردی زەرگەتە لەڕوی خاوەندارێتیەوە لە ساڵی ٢٠٠٦وە لەسەر کۆمپانیای وشە تاپۆکراوە، کە بەناوی خوالیخۆشبوو نەوشیروان مستەفاوە بوە، واتە پێش (٣) ساڵ لە دروست بونی لیستی گۆڕان. کەواتە ئەو قسەیەی کە دەوترێت گوایە مەکۆی سەرەکی لە بزوتنەوەی گۆڕانەوە خراوەتە سەر کۆمپانیای وشە ڕێک پێچەوانەی واقع و ڕاستیەکانە. "

چما ئێستا هیچ کەس گوتوویەتی و نووسیویەتی کە ساڵی ٢٠٠٩ (گردی زەرگەتە) وەك گردێکی داگیرکراو و بەپارتییکراوی (ینک) لەلایەن جەلال تالەبانی بە نەوشیروان موستەفا بەخشراوە و ئەو بەخشینە ساڵی ٢٠٠٦ نەبووە؟

ئایا سەلماندی ئەوەی کە ئەو گردە دزراوە سێ ساڵ پێش دروستکردنی لیستی خۆمەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ بەناوی "لیستی گۆڕان"، بەناوی (کۆمپانیای وشە) بووە، دەبێتە بەڵگە و ڕەتکەرەوەی ئەوەی کە ڕێکەوتی ڕۆژی ٢٥ی جولای ٢٠١٧ گردە دزراوەکە لەسەر جووتە کورەکەی ڕابەری لەنێوبردن و کەوڵکردنی بزووتنەوەی گۆڕانخوازانی هەرێم، تاپۆکراوە؟

ئایا ڕەخنەی خەڵک لە هی کێبوونی (کۆمپانیای وشە یان پارتییە نیلییەکە) ئەو گردە دزراوەیە، یان ڕەخنەیە لەوەی کە گردە دزراوەکە وەك دارایی تایبەتی نەوشیروان مستەفا و وەك لەبۆماوە لە باوکەوە بۆ کوڕ گوازراوەتەوە و دابەشکراوە؟

هەڵبەتە ئەوەش بڵێم، من لە خاتوو (چرا نەوشیروان موستەفا) دەستخۆشیدەکەم، کە بەشداری ئەو تالانکردنە نەبووە و هەرگیزیش بڕواناکەم سەرمایەی خۆی ( خاتوو چرا) لە (بەشە تالانی گردێکی (١٢٢) دۆنمی و کارگەیەکی چیمەنتۆ و تەلارەکانی سەرگردەکە و (سۆپەرمارکێتی مێترۆ) و پالافتگەیەکی نەوت و ...پشکە دراوییەکانی دیکە) زۆرتر بێت، تاکو هۆکاری وەرنەگرتن و بەخشینی بەشەکەی خۆی بە ئەوان بۆ دەوڵەمەندتربوونی بەو ڕێژە یان زیاتر لە ڕێژەی ئەو بەشە تالانیانە، بگەڕێتەوە... من دڵنیام ڕۆژگارێك خاتوو (چرا نەوشیروان موستەفا) بەخۆی یان لە کەلێنکەوە هۆکارەکەی دەردەکەوێت و من ئاوا هەستدەکەم، کەسایەتی ئەو خاتوونە لە دایکی کۆچکردووی بچێت و نەیەوێت بەشێک بێت لەو تاڵانگەرییە ڕامیارییە و ئابڕووی خۆی و منداڵەکانی زۆرتر مەبەست بێت، تاکو سەرمایە و دەسەلات. هیوادارم ئەم پێشبینییەم وەك پێشبینییەکانی دیکەم دروست دەربچێت و ڕۆژگار بیسەلمێنێت.

" دووەم: لەڕوی یاساییەوە کۆمپانیا کەسایەتی مەعنەوی هەیە، بۆیە کاتێك دامەزرێنەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، پێویستە خاوەندارێتیەکەی بگوازرێتەوە بۆ وارسە شەرعی و یاساییەکانی، تا بتوانێت بەردەوام بێت لەکارەکانیدا. "

هەر ئاوا خودی (نەوشیروان موستەفا)ش لەنێو ڕۆشنکردنەوەکەی ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٨ دەڵێت :

هەمو ئەوانەش بە ناوی کۆمپانیای وشەوە تۆمار کراون کە شەخسیەتێکی مەعنەوی و قانونیە.

باشە، (کەسایەتی مەعنەوی) واتای چییە؟ مەگەر ناکاتە ئەوەی کە ئەو کەسایەتییە، کەسێکی|مرۆڤێکی دیاریکراو نییە و دارایی ئەو کۆمپانییە، دارایی گشت ئەندامان و لایەنگرانی یان کۆمەڵگەیە و دارایی تایبەتی نییە؟ ئەگەر واتاکەی ئەوە نییە، بۆچی هەر لەسەرەتاوە کەسایەتی "مەعنەوی" کرا بە

دارای؟ ئایا لە ڕووی یاساییەوە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی (ناتایبەت|ناخصوخی) دەبێتە دارایی تایبەتی سەرنووسەر یان بەڕێوەبەرەکەی؟ ئایا لە ڕووی یاساییەوە هیچ پارتییەك دەبێتە دارایی تایبەتی سکرتێرەکەی؟

ئەی ئیدی چۆن (کۆمپانیای وشە) و گردە دزراوەکەی (زەڕگەتە) و (سۆپەرمارکێتی مێترۆ) و کارگەی چیمەنتۆ و پاڵافتگەی نەوت و تەلار و باڵاخانە و شتەکانی دیکە دەبنە دارایی تایبەتی نەوشیروان موستەفا و وەك لەبۆماوە بەسەر جووتە کوڕەکەی دابەشدەکرێن؟

ئایا کۆدی شادراوەی خاڵی دووەم ئەوە نییە، کە لە بنەڕەتدا (هەمو ئەوانەش بە ناوی کۆمپانیای وشەوە تۆمار کراون کە شەخسیەتێکی مەعنەوی و قانونیە.
|لەروی یاساییەوە کۆمپانیا کەسایەتی مەعنەوی هەیە) فێڵێکی یاسایی بوون بۆ وەرگرتنی بەشەتاڵانی لە (ینک) وەك بەشداربوون لە دەستکەوتەکان، هەر ئاوا کە نەوشیروان موستەفا بەخۆی دەڵێت؟
ئایا (گردی زەڕگەتە) دارایی فەرمانداریی بەعس و خودی سەدام حوسەین بوون، یان ئارپیجی و زرێپۆش و فرۆکەی سەربازییە، تاکو دەستکەوتی (ینک) بێت و جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان و مەلا بەختیار و ئەرسەلان بایز و کۆسرەت ڕەسوڵ و سەعدی ئەحمەد پیرە و ... و سەرتیپ و چەکدارانی (ینک) لەنێوان خۆیان و بەسەر خۆیان دابەشیبکەن؟

ئاخر ئەگەر ناڕازیبیانی هەرێمی "کوردستان" هۆش-شۆردراوە و کورت-هۆش و خۆشباوەڕ نەبن، چۆن لە خۆیان ناپرسن (کۆمپانیای نۆکان) (گردی زەڕگەتە)ی لە کوێ بوو و بە چ مافێك جەلال تاڵەبانی بە (نەوشیروان موستەفا)ی دەبەخشێت؛ مەگەر دارایی باوکییەتی؟

بێجگە لەوە، هیچ لەو پاساوەی لایەنگرانی ناهوشیار و کەم-ئاوەزی پارتییە نیلییەکە قێزەونتر نییە، کە دەڵێن "ئەو گردە پێشتر موڵکی خەڵکو کۆمەڵ نەبووە، موڵکی کۆمپانیای نۆکان بووە" .... ئەی پێش ڕاپەڕین و گەڕانەوەی چەکداران و سەرانی (ینک) و (بەرەی کوردستانی) لە ئوردووگەکانی ئێران، (گردی زەڕگەتە) هی کێ بوو، تاکو ئەوێندەرێ من بزانم هیچ گرد و شاخ و دەشتێکی هەرێمی "کورستان" وێڕای داگیرکراوبوونی نیو سەدە زیاتریان لەلایەن دەوڵەتانی ناسیونالیزم و بۆرجوازی عەرەبی عیراقی، نە دارایی بەعس بوون و نە دارایی بنەماڵەی سەدام حوسەین؛ داگیرکردن و داراییکردنی گرد و شاخ و دەشت و بیرە نەوت و کارگەی چیمەنتۆ و جەنگەڵەکان کولتووری چەتەگەریی پارتییەکانی بەرەی کوردایەتییە (بەرەی کوردستانی) و لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە سەریهەڵداوە و داهێنانی بزووتنەوەی کوردایەتییە!

ئەوە چ بەدبەختی و چ زەلکاوێکە کە تاکی گۆڕانخوازی خۆشباوەڕ و ناهوشیاری کوردی-زمانی تێکەوتووە، کە تاڵانگەری و چەپاوڵگەری و پاوانگەریی و بە پارتییکردنی دار و بەردی کۆمەڵ و جەنگی نێوخۆ و بەکاربردنی ژنان وەك کەرەستەی سیخوڕیی جەنگی نێوخۆ و داگیرکردنی ماڵی ئەندامان و لایەنگرانی (پدک) لە ناوچەی فەرمانداریی جەلالییەکان و داگیرکردنی ماڵی ئەندامان و لایەنگرانی (ینک) لە ناوچەی فەرمانداریی مەلاییەکان و ئاودیوکردنی بەنگاوی پەخمە و کارگەی ئاوی تەماتە و تێلی هێڵی کارەبا و تێلی هێڵی تێلەفۆن و گمرگکردنی کوردانی "کوردستان"ی بەشی ئێران و "کوردستان" بەشی تورکیە و "کوردستان"ی بەشی سوریە (کەسەکان؛ ژن و منداڵ و پیاوان نەك شمەک و کاڵاکانیان) بیست و شەش ساڵی ڕابوردووی لەبیرنەمابێت (بیست و شەش سەدەی پێشتر ناڵێم) ؟

" سێهەم: گردی زەرگەتە کە موڵکی کۆمپانیای وشەیە، هەروەک چۆن لە هەشت ساڵی رابردودا لە خزمەتی بزوتنەوەی گۆڕان و گۆڕانخوازاندا بووەو بۆ خزمەتی گشتی بەکارهاتوە، لەداهاتوشدا بەدڵنیاییەوە بەهەمان شێوە بەردەوام دەبێت. "

ئایا هیچ کەس گوتوویەتی کە گردی زەڕگەتە وەك دە (١٠) ملیۆن دۆلار بەخشیشەکەی جەلال تاڵەبانی دارایی (کۆمپانی وشە) نییە، تاکو ئێوە ئەوە بسەلمێنن؟

ئینجا وەرن، سەرنجی ئەو کۆدە|دانپێدانانە شیك و شاردراوەیە بدەن، کە بە خشکەیی دەڵێت : لەبەرئەوەی کە (کۆمپانیای وشە) وەك کەسایەتییەکی مەعنەوی داراییەکەی بۆ دامەزرێنەکەی دەگەڕێتەوە، زۆر ئاسایی پاش مردنی ئەو داراییەکانی ئەو کەسایەتییە مەعنەوییە بەسەر وەریسەکانی دامەزرێنەکەی دابەشدەکرێن. بەڵام ئێمە وەك باوکمان بەخشندەین و وەك هەشت ساڵی ڕابوردوو (گردی زەڕگەتە) وەك یەکێک لە داراییەکانی (کۆمپانیای وشە) دەخەینە خزمەت گۆڕانخوازان. وەرن تەماشای ئەو "چاکەکردنە بەسەر ئاوی گەرماو" بکەن، چۆن وێڕای دزین و داگیرکردنی گردەکە، کەچی بەسەر خەڵکی منەت دەکەن و دەڵێن وەک جاران وەرن و پیاسەی تێدابکەن.

ئایا ئەوە بێجگە لە دانپێدانانێکی "شەل نییە، پێی شکاوە" هیچی دیکەیە هەیە و دەبەخشێت؟ من ئاوا تێدەگەم و ئیدی نازانم تۆی خوێنەر چۆن تێدەگەیت؟

ئایا ئیدی ئەوەی، کە هەفتەی ڕابوردوو چەکدارەکانی (کۆمەڵەی عەبدوڵڵای مومتەدی) وێرای دزین و بڕینی درەختی خەڵکی، کەچی خاوەنەکانیشی دەدەنە بەر دەسترێژ و دوو برا دەکوژن و دوو برای دیکە بریندار و سەرباری ئەوە لایەنگرانی ئەو باندە چ لە "کوردستان"ی بەشی ئێران و چ لە ئەوروپا، کوژراو و بریندارەکان و خەڵکی نارازی بە بەکرێگیراوی دەوڵەتی ئێران تۆمەتباردەکەن. تکادەکەم بە وردی هەر دوو ڕوداوەکە و پاگەندەی کوڕەکانی نەوشیروان موستەفا و لایەنگرانی باندەکەی (عەبدوڵڵای مومتەدی) بەراوردبکەن.

" چوارەم: وروژاندنی ئەم بابەتانە چ لە کاتی چلەی خوالێخۆشبوو و چ لە ئێستادا کە گۆڕان سەرقاڵی ململانێیەکی سیاسی سەختە لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا، بە پلانێکی داڕێژراوی ئەزانین بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی خەبات و ئاڕاستەی کاری گۆڕانخوازان. "

لێرەدا زۆر بە کورتی دەیپرمەوە؛ ئایا لە هیچ سەردەمێکی مێژوو و لە هیچ گۆشەیەکی جیهان و هیچ کەسێکی دەسەلاتخواز و مشەخۆر و هیچ باندێکی مافیای و هێچ سەرۆکخێلێك و هیچ پارتیی و گروپێکی ڕامیاریی [لە چەپەوە بۆ ڕاست، لە ئیسلامییەوە بۆ سێکیولاریست، لە کۆنەپارێزەوە بۆ لیبراڵ و نیئۆلیبراڵ، لە ناسیونالیستەوە بۆ بەناو "سۆشیالیست و کۆمونیست"] هەبووە و هەیە، کە لە بەرانبەر ڕەخنەی خەڵك نەڵێت " ئەوە پیلانی دوژمانە دژی بزووتنەوەکەمان، دژی پارتییە پێشڕەوەکەمان، دژی ئیسلام، دژی کوردان، دژی 'ئازادی'، دژی 'سۆشیالیزم' و 'کۆمونیزم'، دژی لیبرالیزم، دژی یەزان" ؟

ئەرێ بەڕاست چ لە ڕابوردوو و چ ئێستا لە کوێ و بە کامە بەڵگە سیناریۆی "گۆڕان و گۆڕانخوازی"ی نەوشیروان موستەفا و پاشڕەوانی خەریکی جەشپاندنی دێمۆکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوون؟ ****** بەڵام من هەرگیز لەو ڕاستییە نکۆڵیناکەم، کە نەوشیروان موستەفا و پاشڕەوانی بە کۆنتراکتی کۆمپانییە جیهانخۆرەکان و زلهێزە داگیکەرەکانی عیراق خەریکی خۆشباوەڕکردنی خەڵك بوون بە "پارتیی باش" و "سەرمایەداری باش" و "لۆبیکاری باش" و "پارلەمانی باش" و "فەرمانداریی باش" و "دەوڵەتی باش" و تاڵانگەری و چەپاوڵگەری و پاوانگەری "باش". بەڵێ ئەو گەواهییە بۆ مێژوو دەدەم، ئەگەر سیناریۆی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان موستەفا نەبووایە، زۆرینەی تاکەکەسە نارازییەکانی هەرێم نەدەچوونەوە بەردەم سندووقی هەڵبژاردنی خراپ لە خراپتر و "کوتەک بەدەستی دڵسۆزی گەل"!

" پێنجەم: ئێمە وەک کوڕانی نەوشیروان مستەفا، نەک بەتەنها گردی زەرگەتە، بەڵکو گیان و ژیانی خۆشمان دەکەینە قوربانی بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان و ئەو ڕێبازەی باوکمان بۆی بەجێ هێشتوین. نما نەوشیروان مستەفا چیا نەوشیروان مستەفا "

لێرەدا بێجگە لە گوتنی "دەفەرموون، ئەوە زەوی و ئەوە گەز " هیچی دیکە پێویست نییە؛ ئەوەتا زۆرینەی ئەندامان و لایەنگرانی پارتییە نیلییەکەی سیناریۆی (جەلاڵ تاڵەبانی) و (نەوشیروان موستەفا)ی باوکتان داخوازی تاپۆکردنی گشت بەخشیشەکانی تاڵەبانین کە بە باوکی ئێوەی پێشکەشکردن، تاکو باوکتان [بەو دە (١٠) ملیۆن دۆلار و گرد و بینای کۆمپانیای وشە و کارگەی چیمەنتۆ و پالاتگەی نەوت و سوپەرمارکێتەکەی مێترۆ و ... شتە شادراوەکانی دیکە، کە هێشتا لەژێر بەرە دەرنەکەتوون] دژایەتی گەندەڵییەکانی دەسەلاتداریی خودی جەلال تاڵەبانی بکات، بەڵێ هەموو ئەوانەی ڕۆژگارێک کۆمونیست و چەپ و (پەکەکە) و (کۆڕەک) بوون و لەتەك زۆرێکی دیکەی خۆشباوەڕ ڕەدووی سیناریۆکەی جەلال تاڵەبانی و باوکی کۆچکردووتان کەوتن، لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر شەقامەکان نائومێدانە داخوازی گێڕانەوە و تاپۆکردنی هەموو ئەو شتانەن لەسەر "بزووتنەوە" سیناریۆییەکە و پارتییە نیلییەکە.

دە فەرموون ئەوە زەمین و ئەوە گەز، کێ دەستی ئێوەی گرتووە، کە وەك خاتوو (چرا)ی خوشکتان لە بەشی یاسایی تالانییەکەی جەلال تاڵەبانی بوگزەڕێن و بیگێڕنەوە بۆ کۆمەڵ؛ هەر ئاوا کە کاتی خۆی بۆ باوکی ئێوەم نووسی: ئەگەر بڕیاربێت کەسێك گۆڕانخواز و دژی گەندەڵی و دژی بە پارتییکردنی کەرەتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و گرد و شاخ و دەشت و بیرەنەوتەکان بێت، دەبێت لە خۆیەوە گۆڕان دەستپێبکات و گردە دزراوەکەی ژێر خۆی بۆ دارایی گشتی کۆمەڵ (زۆر نا، تەنیا وەك سەردەمی فەرمانداریی بەعس) بگێڕێتەوە.

بەڵێ، بۆ دارایی گشتی کۆمەڵ بیگێڕنەوە، هەر وەك ئەو سەردەمەی کە وێرای داگیرکەربوون و دیکتاتۆربوون و شۆڤێنیستبوون و فاشیستبوونی فەرماندارێی بەعس و سەدام حوسەین و گەندەڵی ئەندامانی خێزانەکەی، کەچی هیچ گرد و شاخ و دەشت و بیرەنەوت و کارگە و کێڵگە و ...تد هی بەعس و سەدام حوسەین و خێزانەکەی نەبوون.

من دەزانم زۆر کەس لە گوتنی ئەم خاڵەی کۆتایی دەترسن، نەکا بە "بەعسی"بوون تۆمەتبار و تاوانبار بکرێن. بەڵام من لەبەر دوو هۆ ناترسم و تاکو دەمرم ئەو ڕاستییە دەڵێمەوە، چونکە یەکەم خۆم بەعسی نەبووم و تەنانەت ئامادەی درێژەدان بە خوێندن نەبووم بە مەرجی دەرهێنانی (دەفتەر خدمەی بەعس)، هەر ئاوا بەڵگە و وێنەکانی ١٩٦٦-٢٠٠٣ ئەوە نیشاندەدەن، کە لە نێوەڕۆکدا شتێك بەناوی "بزووتنەوەی ڕزگاریخواز"ی کوردانی هەرێم بوونی نەبووە و بزووتنەوەیەکی ڕامیاریی دروستکراوی دەزگە سیخوڕییەکانی دەوڵەتی بریتانیا و دەوڵەتی ئەمەریکا و ساواکی دەوڵەتی ئێرانی سەردەمی پاشایەتی و ئیطلاعاتی سەردەمی ئیسلامەتی و میتی دەوڵەتی تورکیە و دەوڵەتی سوریە بووە، هەر ئاوا کە جەلال تاڵەبانی خۆی دەڵێت "ئێمە لەبەرخاتری برا بەعسییەکانی سوریەمان، شۆڕشی ئەم جارەمان هەڵگیرساندەوە"، ئەو کات نەوشیروان موستەفا سکرتێر و کەسی دووەمی ئەو خاترگرتنە بووە!

دواشت، کە پێویستە لێرەدا جارێکی دیکە بیخەمەوە پێش چاوی خوێنەر، بەتایبەت ناڕازییانی گۆڕانخواز و لەنێو ئەوانیش دوو دەستە هەم ئەوانەی ئێستا لەسەر گردەکە چەکدارە ڕووتەڵەن یان لایەنگری دەوری گردەکەن و هەر ئاوا خوێنەران و دەروێشانی نووسەرانی (بەرنامەی لیستی بەناو "گۆڕان" : نیگایەک لە ئێستا و خەونێك بۆ سبەی | مەریوان وریا قانیع، ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، ڕێبین ئەحمەد مەردی) کە ئەو کات وەك دۆزینەوەی هەنگوین لەنێو قرۆڵی درەخت، ڕەهەندە مزرییەکەیان لە پاشڕەویی و ڕەدووکەوتنی سیناریۆی (جەلال تاڵەبانی) و (نەوشیروان موستەفا) کۆتاییهات و هەر ئەو کات من بە سەرنجدانێکی ڕەخنەیی بەرنامە پێشنیارییەکەی ئەو چوار نووسەرەم شیکاریکرد و بەرەوپێش هاتنی ڕوداوەکانی دواتر تاکو دوێنێم بۆ ئەوان پێشبینیکرد. هەر ئاوا لەبەرئەوەی کە (مەریوان وریا قانیع) وەك قومارچییەکی دۆڕاو لەنێو ستوونەکەی خۆی لە (ئاوێنە) هێشتا پاساوە پێشنیار بۆ کوڕەکانی (نەوشیروان موستەفا) و (سەرانی پارتییە نیلییەکە) دەکات، من ئەوە بە پێویستی دەزانم، کە سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی سەرنج و ڕەخنەکانی ئەو کاتی من بەناوی (چاوپۆشینێك لە ئێستا و تراجیدیایەك بۆ سبەی http://bit.ly/2wib5UC)****** ڕادەکێشم، تاکو گۆڕانخوازانی ڕاستەقینە لەژێر باری نائومێدبوونیان، لەجیاتی ڕەدووکەوتنەوەی لایەنێکی دیکە وەك تووڕەیی و تۆڵەکردنەوە لە سەرانی گردەکە، پێکەوە دابنیشن و لەنێوان خۆیان (لایەنگران و ئەندامانی خوارەوە) بیر لە ئەڵتەرناتیڤی دژە-دەسەڵات و دژە-پارلەمان و دژە-پارتیی|حزبی و دژە فەرماندارێی و دەوڵەت و دژە-سەروەری چینایەتی بدۆزنەوە و لەنێو گروپە خۆجییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان خۆیان ڕێکبخەنەوە و شەقێکی مێژوویی لە بیرۆکە و بۆچوونی "فریادڕەسی باش" و "پارتیی باش" "ڕابەری باش" و "سەرۆکی باش" و"پارلەمانتاری باش" و "پارلەمانی باش" و"فەرماندارێی باش" و"دەوڵەتی باش و"سەرمایەداری و کۆمپانیای باش" هەڵبدەن و گروپە جۆجییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان بکەنە ئەڵتەرناتیڤی پارتییایەتی و کۆبوونەووە گشتیەکان بکەنە ئەڵتەرناتیڤی پارلەمان و خۆبەڕێوەبەریی گەلیی بکەنە ئەڵتەرناتڤی فەرماندارێی و دەوڵەت و دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ بکەنە ئەڵتەرناتیڤی لۆبیگەریی پارلەمان و کۆمەڵایەتییکردنەوەی گشت کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و سامان و داهاتی کۆمەڵ بکەنە ئەڵتەرناتیڤی دارایی تایبەت و هەرەوەزی کۆمەڵایەتی بکەنە ئەڵتەرناتیڤی چاوچنۆکی و کێبڕکێ و پیلانگێڕیی بۆرجوازی و سەرمایەداری.

---

* ئەگەر کات و بوار هەبوو، بەشی دووەم بۆ بەرەو باوان-گەڕانەوەی "کۆمونیزمی کرێکاری" تەرخاندەکەم، کە ئەم ڕۆژانە شان بە شانی ناسیونالیستان و بۆرجوا دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، خەریکی دەوڵەتاندنن.

** وەك دوێنێ شەو بەڵێنمدا، ئەگەر بەیانییەکی دیکە هەبێت، هەوڵدەدەم وەڵامی (ڕونکردنەوەکەی نما و چیا نەوشیروان) بدەمەوە. زۆر سوپاس بۆ دایکە سرووشت، ئەم بەیانییەش توانیم لە خەو ڕابووم و نەمردبووم و ئاواتەکم بەدیهات.

*** مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ بوو، زەنگی دەگا دایچڵەکانم و کەسێکی شیکپۆش و خاوێن، لەو کەسانەی کە چرکەی یەکەم وەك هاوەڵی هەزار ساڵ خۆدەنوێنن، پاش خۆشهاتن، دەستبەجێ بەبێ هۆ و پێشەکی گوتی "هاوڕێ منیش ئەنارکیست بووم، کاتی خۆی بابەتێکم لەسەر کرۆنشتات وەرگێڕا، بەڵام دوایی دەستنووسەکەی فەوتا ".. هەر ئەو کەسە هاوینی ٢٠٠٦ هاتەوە، بەڵام ئەو جار وەك خاوەنخانوو و مژدەدەری هەڵهاتنی خۆری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری لە پشت سەری (نەوشیروان موستەفا). ئەو بەجۆرێك قسەیدەکرد، کە لەتاو شاگەشکەبوونی دەمی تەتەڵەیدەکرد و لەوە دەچوو شەوی پێشوو نەخەوتبێت و ئاوا زوو گەیشتە سەر من. من گوتم ' کاک .... هەرچەندە وەك نائومیدکەر دەردەکەوم، بەڵام ئەوە سیناریۆیە و جیابوونەوەی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان موستەفا لە ڕووی بیرکردنەوە و ئامانج و ڕەفتار و ئەتوارەوە ئەستەمە، چونکە ئەوان تازە عاشقە و

ماشقەی جەلالیزمن. ... هەفتەیەک دواتر هاتەوە و گوتی "تۆ ڕاستدەکەیت، لە کەلار کۆمەڵێك کەس دژی نەوشیروان بەیاننامەیان دەرکردووە و لە ئەو جیابوونەتەوە . بەڵام من بڕوام بەو گەنجانەی گەرمیان هەیە و زۆر دڵسۆز دیارن.." منیش گوتم هیوادارم بتوانن هۆش و ئاوەزی خۆیان لە سۆز و تەلیسمی کۆمەڵەی ئاشبەتاڵکراو و ڕەوتی نیئۆجەلالی ئێستا ڕاپسێنن!

**** هیوادارم ئەو ڕستەیە بە هەڵە لێکنەدرێتەوە و مەبەستم ئەوە نییە، نەوشیروان موستەفا یان موستەفای سەی قادر و سالار عەزیز و ... کەمتر گەندەڵ و تالانچی بن، نەخێر هەموویان بەشداری ئەوەن کە لەو هەرێمە ڕویداوە و ڕودەدات، بەتایبەت ١٩٩١-٢٠٠٦ و ٢٠٠٩

***** ناوی ئەو گردە (زەڕگەتە) بۆ ئاماژەدان بە هەبوونی زێڕ و زیو لەژێری دەگەڕێتەوە؛ (زەڕ) بە هۆرامی واتە (پارە)، (زەڕەنگەر) واتە کەسێك کە ئیشی پاککردنەوە و شێوەدانی زێڕە|ئاڵتوونە و دەکرێت ناوەگەی بۆ (زەڕگاتە| زەڕگەتە|شوێن یان کانگای زێڕ بگەڕێتەوە. هۆرامیبوونی ئەو ناوەش بۆ کارایی چەند سەدە زاڵبوونی زمانی هۆرامی (سەدەی دوازدە تاکو سەرەتای سەدەی بیست) لە سنە تاکو دەوروبەری کرماشان و خانەقین و گەرمیان و شارەزوور و دەوروبەری سلێمانی وەك زمانی هۆنراوە و نووسین ، دەگەڕێتەوە.

لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بە شتێک بدەم، کە (نەوشیروان موستەفا) وەك هەموو شارچییەکی دیکە (هەرچەندە بنەماڵەی خۆی گوندی بوو) زیاتر لە هەموو گوندییەکی دیکە ڕکی لە هۆرامییەکان بوو و بە گوێرەی گێڕانەوەیەکی (د. فایەق گوڵپی) کاتێك کە لەلای (ینک) زیندانی بووە، (نەوشیروان موستەفا ) بە ئەوی گوتووە "ئەم هەورامییانە بۆ نارۆنەوە و شارەکەیان لێ داگیرکردووین، لێرە چی دەکەن" ... بەڵام ئێستا بە گوێرەی هۆرامیبوونی ناوی گردە دزراوەکە (گردی زەڕگەتە|زەڕگاتە) چەند ساڵ ئەو زاتە پاشای عەرشی گردێکی دراوی ناو (هۆرامی) بوو، لەوانەشە زێڕی هۆرامییەکان لەژێر ئەو گردە دزراوە هەبێت، لەبەرئەوە حەزی کردووە هۆرامییەکان شارەکە بۆ ئەو چۆڵبکەن.

****** لینکی پەرتووکی سەرنجە ڕەخنەییەکەی من لە بۆچوونی ئەو کاتی (مەریوان وریا قانیع، ئاراس فەتاح، بەختیار عەلی، ڕێبین ئەحمەد هەردی)
http://bit.ly/2wib5UC